www.kurdistannet.org
20-5-2003 20:40

# سەدام چۆکی پێ نەداوین

ئەمەریکا دەیەوێ چوکمان پێ بدات ؟!! )

کاویز مەلا پەرویز

سیاسەتی نارەوای ئەمەریکا لەگەڵ خواستەکانی گەلانی ئێراق دوای نەمانی رژێمی سەدام حوسێن یەك ناگرێتەوە، (بەداخەوە دەبێوەکو ئێراقیەك بدوێن)

زۆرینەی گەلانی ئێراق لەگەڵ رووخانی رژێمی سەدامدا بوون، هۆکارو دەۆئەنجامی ئەو زوڵمە بووەکەرژێم دەرهەق بەگەلی ئێراقی کردوە، گەلی کورد لەباشووری کوردستان زۆرینەی ستەم وزۆرداری حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێراق بەر کەوتوە لەماوەی پتر لە (٨٠) سالی رابردوو هەربۆیە لەئێراقی ئەمرۆ زێدەتر لەگەلانی تری ئێراق پشتیوانی سیاسەتی ئەمەریکا بوو بۆ رووخانی رژێمی سەدام.

دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق لە هەلوێستی گەلانی ئێراق هەست بەگۆران دەکرێت بەتایبەت گەلی کورد لەبەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا، رۆژ دوای رۆژ دەنگی نارەزای بەرامبەر سیاسەتی چەوتی ئەمەریکا لەئێراق بەگشتی ناوچەکوردیە بەعەربکراوەکان بەتایبەتی زیدەترومکوم تردەبێت چەند هۆکارێك فاکتەری نارازی بوونی تاکی ئێراقی نیشان ئەدات بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا بۆ ئایندەو ئێستای ناارامی شارەکانی ئێراق، یەك لەو هۆکارانە سەبارەت بەکورد کە تاکی کورد دەخاتە گومان وبێباوەری بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا دەتوانم بڵێم :

بەشێوەکی تر درێژە دەدرێت بەسیاسەتی تەعریب لە ناوچە بەعەرەبکراوەکان بەتایبەتی لەناوچەی کەرکوك ودەوروبەری ٠

ئەمەریکا بانگەشەی دادپەروەری دەکات وداوا دەکات کێشەکان لەرێگای یاساوە بێنە چارەسەرکردن لەکاتێکدا لەسالی ( ١٩٦٣ کورد بەبێ بنەمای یاسایی دەردەکرێت ولەناو دەبردبێت کام یاسا دەتوانی ماڤی کورد لەناوچە بەعەرەبکراوەکان بەم یاسا سەربازییەی ئەمەریکا یان هەر یاسایەکی تری مۆدرین وپێشکەوتوو ماڤەکانی وەرگرێتەوە ؟

هەربۆیە بەتالان دانی سەرەوەت وسامانی خەلك لە ناوچە تازە رزگارکراوەکاندا بۆ نمونە کەرکوك ئەمەریکایەکان هانی خەلکیان ئەدا تالانی گارگەی غاز بکەن کە ئاسەواریشی نەما وە تالاتی گارگەی چیمەنتۆ بکەن خۆشبەختانە هێزە کانی کوردی دەرفەتی خەلکیان نەدا، تالان کردنی سامانی ئەو خەلکە و بەفیرۆ دانی مەغزایەکی ئابوری سیاسی لەپشتەوەیە؟بەبێ رەچاوکردنی باری ناهەمواری خەلك، لەکاتێکدا دەکرا پەلە بکرێت لە چاکردنی خزمەتگوزاریە پێویستەکان بەلام بەداخەوە ئەمەریکیکان بەشێك بوون لەهاندانی خەلك وخولقاندنی ئەم بارو دۆخە کە تەنها پارە دارەکان دەتوانن چێژ لەجەژنی نەمانی سەدام وەرگرن ٠

ناکرێ چاوەرێی ئەمەریکیکان بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی وزاری ئەوخەلکە کەسالآنێکە زۆربێ شەرمانە عەرەبی هاتووی ناوەراست وخواری ئێراق خێروبێری دەبات ٠٠ئەمرۆیش هەرئەوانن خۆیان دەنوێنن ولاڤ وگزاڤی بەهێزی خۆیان بەسەر کوردە ماڵ رماوەکە لێئەدەن کەسالآنێکە بەستەم وزۆرداری ودەرنراوون، دەست وپێبەستنی کورد لەم کاتەدا ئەگەر چارەسەرێکی دادپەروەرانەی بەپەلەی کێشەکەی نەکرێ زەند دەکەم وەکوچۆن میللەتی کورد بەرگەی چەرمەسەری وئەنفال ودژواری ونەهامەتی ژیانی رابردووی لەسایەیی دەسەلآتی ئێراق خۆراگرانە گرتووە000 لەدرندەیەکی مرۆڤ خۆری وەکوسەدام نەترساوە وچۆکی نەداوە، ئەمرۆ ئەگەر بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردلەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەبەرچاونەگیرێ ونەپارێزرێ میللەتی کورد هەرچارەسەرێکی تر رەتدەکاتەوە ٠

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.